# بەرگری لە "کومیتەی هاوئاهەنگی"

سدیق جیهانی ((2008/1/15))

نزیکەی سێ ساڵ تێدەپەرێت لە راگەیاندنی دەست بەکاربوونی"کومیتەی پەیگیری"دا. هەر وەها کە ئاگادارن، ئەم "کومیتەیە" نەکەوتە بەر پێشوازی کرێکارانەوە. هۆکارەکانی نەکەوتنە بەر پێشوازی کرێکاران، لە بنەرەتدا بە هۆی هەلوێستێکی ناپێشرەو بوو کە ئەم بنکە بە واتە کرێکاریە گرتیە بەر. بەلام ماوەیەک تێنەپەری کە کۆمەلێک لە چالاکانی کرێکاری قولیان لێ هەلماڵی و لە ماوەیەکی زۆر کورت دا "کومیتەی هاوئاهەنگی بۆ رێکخستنی پێکهاتە کرێکاریەکان"یان لە بەرانبەری "کومیتەی پەیگیری"دا دروست کرد. ئەم بزاقە، "کومیتەی پەیگیری" خستە پەراوێز و لە بەین چوونەوە. هەنووکە، "کومیتەی پەیگری" لە نێو بزووتنەوەی کرێکاری دا لە باو کەوتووە و کرێکاران هیچ جۆرە گرینگیەک بە چارەنووسی پیشان نادەن.

لێرەدا خراپ نیە کە چاوگێرانێکی کورتمان بێت بەسەر "کومیتەی هاوئاهەنگی"دا. یەکەم، لەگەڵ هاتنە گۆرەپانی ئەم بنکە کرێکارییەدا، خۆشی و تامەزرۆیی و بزاڤێکی نوێ و هیوادەر لە نێو بزووتنەوەی کرێکاریدا کەوتەرێ. لە درێژەی ئەم خۆشی و شادیەدا، ژمارەیەکی بەرچاو لە چالاکانی کرێکاری لە "کومیتەی" ناوبراودا ناویان نووسی. بەرهەمی کاری بەکۆ و ئەو داهێنانانەی کە ئەم "کومیتەیە" لە خۆی پیشان دا، بە کورتی بریتیە لە پەرەدان بە گۆرینەوەی را لە بارەی رێکخستنی کرێکاری، بەرێوە بردنی هاوبەشی 1ی مانگی ئەیار لە شارەکانی کوردستان دا، خستنە کاناڵێکی تایبەتی پێوەندە کرێکاریەکان لە ئاستی سەراسەری دا، رێکخستنی کومیتەی بەرگری لە مەحمود ساڵەحی، رێکخستنی ماڵپەر و بلاگە کرێکاریەکان لە سەر تۆری ئینتەرنێت، بەرێوە بردنی کۆبوونەوە لەسەر مەسەلە گرینگەکانی بزووتنەوەی کرێکاری، نووسینی بابەتی بایەخ دار ولە لایەکی تر رەنگدانەوەی کێشمەکێشە کرێکاریەکان و ... هیتدە

بەرهەمی ئەو چالاکیانەی کە ناوبرا، ئەمەیە کە بزووتنەوەی کرێکاری ئێران و رێبەرانی دوای 28 ساڵ دووبارە کەوتەوە بەر سەرنجی بیر و رای گشتی و لە لایەکی ترەوە پشتیوانی بێ وێنەی چینی کرێکار لە ئاستی نێونەتەوەی دا. لە بواری ئاسایشیشەوە، ئەم فاکتەرە بوەتە سەنگەرێکی پتەو بۆ چالاکانی کرێکاری و ئیدی کۆماری ئیسلامی وەکو دەیەی شەست ناتوانێت " جەماڵ چراغ وەیسیەکان" لە سێدارە بدات. سەیر لێرەدایە، لە ئەوپەری خۆشەویستی و چوونە پێشەوەی دا لە پرا "کومیتەی هاوئاهەنگی" لەگەڵ قەیرانێکی سەخت دا رووبەروو بوەتەوە و مەترسی ئەوە هەیە کە لە داهاتوویەکی نزیک دا، بە دەردی چارەنووسی "کومیتەی پەیگیری "بچێت.

کێشە لە چیدایە؟ لە پێوەند لەگەڵ ئەم تەوەرە دا، درێژە ئەدەین بە باسەکە. ئەگەر چاوێک بگێڕین بەسەر شێواز و لە لایەکی دیکەش مێژووی پێکهاتنی ئەم "کومیتەیە"دا، ئەو کاتە بۆمان روون دەبێتەوە کە پێکهێنانی "کومیتەی هاوئاهەنگی" هاوپێمانی کۆمەڵێک لە چالاکانی کرێکاری بوو کە سێ ساڵ لەمەو بەر گەرەکیان بوو بەشێوەیەکی رێک و پێک پرۆسەی رێکخستنی کرێکاری بێننە دی. هەر وەها کە باس کرا ئەوان هەنگاوێکی کارێگەریان لەم بوارەدا هەڵێناوە. بەلام بە جێگای درێژە پێدانی، هەنووکە چەند وشەیەکی ناپێوەند و پەراوێزی وەکو " پێڕەوی نێوخۆ" و "ستراتیژی" کە زۆرتر لە لایەن رووناک بیرانی بەلا لێدراوەوە گەلاڵە کراون، گرینگ بوەتەوە. کەسێک کە هەتا دوێنی، بە هاوبەشی لە ئەوپەڕی دۆستایەتی و هاوڕێیەتی دا ئەم هەمووە کارە بەنرخەی ئەنجام داوە، چ موعجزەیەک رووی داوە کە ئەم رۆکە بێ رێزی دەکاتە هاوچارەنووسانی خۆی؟ روونە کە لە پشتی ئەم قەیرانەی دوایی نێوان "کومیتەی هاوئاهەنگی" جۆرێک دوگماتیسم و وشک بیری تێکەوتوە و کەسانێکیش لە هەوڵ دان کە لە ژێر ناوی رێکخستنی کرێکاری دا، ریزی ئەم "کومیتەیە" تێک هەڵپرژێنن.

بەلام جێی داخە کە هەندێک لە چالاکانی کرێکاری نەتەنیا ئەم مەترسیەیان لێک نەداوەتەوە بەڵکوو خۆشیان دەکەونە شوێنی هەڵوەشێنەران و پشتیوانییان لێدەکەن. سەرەکی ترین هۆکاری ئەم بەشۆنکەوتنە، سەرچاوە گرتوو لە نا سەربەخۆیی بیرکردنەوەی ئەوانەوەیە. لەم پێوەندەدا کارڵ مارکس، بە کەڕات جەختی کردوەتەوە هەتا کاتێک کە چینی کرێکار خۆ زانیار نەبێتەوە، هیچ کات ناتوانێت لە سەر پێ خۆی راوەستێت. لە بارەی "کومیتەی هاوئاهەنگی" و قەیرانی ئێستاشیان ئەم وتەیە دەگونجێت لەبەر ئەوەی ژمارەیەک ناکرێکار و رووناک بیر لە ژێر ناوی وشەکانی "پێرەوی نێوخۆ" و "ستراتیژی" لە پێی ئەوەدان کە یەکێتی چینی کرێکار بخەنە دژوارییەوە. لێرەدا، پێویستە کە بزووتنەوەی کرێکاری لە بەرامبەر ئەم جۆرە مەترسیانەدا بپارێزین. ئەڵبەت، تا ئەوجێگەی کە بە ئەم یان ئەو ریزبەندی خەباتکارانە دەگەڕێتەوە، من هیچ جۆرە دژایەتییەکم نیە. بەلام، بەر لە گەلاڵە کردنی هەر جۆرە باسێک لە دەوروبەری "پێرەوی نێوخۆ" و ... هێتدا ئێمە پێویستیمان هەیە بە دۆستی گەرم بوون و هاوڕێیەتی پێکەوە لەبەر ئەوەی لە نێو بۆشایی تەندروست و پڕ لە دۆستی دایە کە چالاکانی کرێکاری دەتوانن تێگەیشتنێکی هاوبەش لەم جۆرە ریزبەندیانە بە کار بەرن. بێجگە لەم شێوازە، دارشتنی هەر کام لە بابەتەکانی جێی باسمان ڕواڵەتبازی دەبێت و دوایش دەکێشرێتە رێگای بەسراوە.

چالاکانی "کومیتەی هاوئاهەنگی" چەندین جار رایانگەیاندوە کە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش دژی سیستەمی سەرمایەدارین. ئەگەر بەم شێوەیە، لەبەر چی ئەم زۆرینەیە لە

هەوڵی بنیاد نانی دنیایەکی بە بێ کویلەتی یەک ناگرن؟ لەبەر چی ئەوان ناهێننە سەر شەقام بۆ ئازادی رێبەری خۆشناو و ناسراویان (مەحموود ساڵحی)؟ مەگەر بەشێک لە کۆمەڵگای ئێران (کوردستان)، لە مەحکومیەتی کوشتنی دڕندانەی "شوانەی سەید قادر" مانگرتنی گشتیان بەرێوە نەبرد، بۆچی ئێوەش بە دژی تێرۆری "حەمید مەجیدی" و زیندانی کردنی مافخوازی کرێکاری ئەم کارەتان نەکرد؟ ئایا بە گۆڕانی ئەم یان ئەو بەندی "پێرەوی نێوخۆ" یان "ستراتیژی"، دەتوانرێ دەس و دڵی میلیونان کرێکار و زەحمەتکێشی پەرتەوازە لێک نزیک بکرێتەوە و لە ئاکام دا دنیایەکی ئازاد و بەرابەر دروست بکرێت؟ بێ گومان وەڵام نەیە لەبەر ئەوی هیچ کرێکار و زەحمەتکێشێک بێ ئامانج، بێ پێرەوی نێوخۆ بێ ستراتیژی خەباتی نەکردوە و بەردەوامیش نایکات. لەم پێوەندەدا، لە هەر کرێکار و زەحمەتکێشێک بپرسن، چ شتێکتان دەوێت، بەبێ هیچ بەلام و ئەگەرێک دەڵێت دنیایەکی ئازاد و بەرابەر و ئەگەر بپرسن، دوژمنتان کێیە، بەڕاشکاوی دەڵێت سیستەمی سەرمایەداری. دووهەم، ئەگەر کێشە تاکتیک، پێرەوی نێوخۆ و ... هیتدە، "کارل مارکس"زۆر جوان نووسیویەتی و بەکەڵکی ئەمرۆژەیش دێت. بەم پێیە، تێدەگەین کە شەڕی نێو "کومیتەی هاوئاهەنگی" تێکەڵە بە نەریتگەلی رووناک بیرانەوە.

هەر وەها کە لەم نووسراوەیەدا جەختم لەسەر کردەوە، کێشمەکێشەکانی نێوان " کومیتەی هاوئاهەنگی"، لە بنەرەت دا لە سەر دوو تەوەرە. یەکەم، ژمارەیەک رووناک بیری بەدەر لە دەرد و مەینەتیەکانی چینی کرێکار، لە پێی ئەوەدان کە لە تۆی کتێبەکاندا و لە نێو بزووتنەوەی کرێکاری دا سێکت و وشک بیری دروست بکەن. دووهەم، لە بەرانبەر ئەم مەترسیەدا کۆمەڵێک لە پێشرەوانی کرێکاری راوەستاوەن و بە توندی تێدەکۆشن کە رووشانێک لە پرۆسەی یەکێتی چینی کرێکار دا لەوانە "کومیتەی هاوئاهەنگی" نەیێتە ئاراوە. لێرەدا، تێدەگەین کە تاقمی یەکەم هاوشێوەی ئێمە نین و نابێت ئیزن بدەین کە لەمە زیاتر ریزمان لێک هەڵوەشێنن. لە روانگە* منەوە، "کومیتەی هاوئاهەنگی" بەرهەمی زەمەنێکی هەستیارە لە کێشمەکێشە کرێکاریەکان. چەوساوەکان بە تایبەت چالاکانی بەناوبانگ ئەوان لە ڕاستای درێژە پێدانی کاری ئەم بنکە کرێکاریەدا کێشە و ئازارێکی زۆریان چێشتوە. ئەم بنکە یەکێک لە خاڵە بەهێزەکانی چینی کرێکار بە ئەژمار دێت، بۆیە بە هەر شێوازێک کە بکرێت نابێت بهێڵین ریزی لێک هەڵوەشێت.

ئێمە هیچ جۆرە پێویستیەکمان بە کۆپی هەڵگرتن لە ئێنشا و شێوازەکانی خەباتکارانە نیە کە "ستراتیژی" و "پێرەوی نێوخۆ" نوسان دایان ڕشتوە. لەبەر ئەوەی کەلتووری ئەوان رێک شێوازی رەوتی "سوسیالیستی کرێکاری" و حیزبە کۆمۆنیست کرێکاریەکانە. هەر وەها کە ئاگادارن ئەم گرووپانەش هۆکاری پاش ڤەرۆ چوون و ناکامی خۆیان کێشەی ریزبەندی پێرەوی نیوخۆ و ستراتیژی دەزانێ و سەردەمێک بەم شێوە مەسەلانەوە دەخولانەوە و بە جێگای

دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکی زەوینی، دوایەکەشی بوون بە 25 لەتی جیاوازەوە. ئێستا پرسیار ئەمەیە، کەسێک کە بیری نەکردوەتەوە و بابەتی زارەکی "پێرەوی نێوخۆ" و "ستراتیژی" بەرز دەکاتەوە و نایهەوێت لەگەڵ کەسایەتیەکی پێشرەو، جەسوور و شیاوی وەکو "مەحمود ساڵحی"دا کار بکات، لەگەڵ کێدا دیهەوێت دژی کاری مووچەیی خەبات بکات؟

***